**بەش/ ماتماتيك**

**کۆلێژ/ پەروەردە**

**زانکۆ/ سەلاحەددین-هەولێر**

**بابەت/ سایکۆلۆژیای پەروەردەیی**

**پەرتووکی کۆرس/ یەکەم**

**ناوی مامۆستا/ د. سعيد محمد نورى**

**ساڵی خوێندن/ 2023 - 2022**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ناوی كۆرس | سایكۆلۆژیای پەروەردەیی |
| ناوی مامۆستای بەرپرس | د. سعید محمد نوری |
| بەش/ كۆلێژ | ماتماتیك/ پەروەردە |
| پەیوەندی | e-mail : saeed.nure1@su.edu.krd<br>Tel: (optional) |
| یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3 كاتژمێر<br>پراكتیكی: 0 |
| ژمارەی كاركردن | 3 كاتژمێر |
| كۆدی كۆرس | N/A |
| پرۆفایەلی مامۆستا | ▪ B.A. Psychology, Salahaddin University-Erbil (1998-2002).<br>▪ MSc. Psychology, Salahaddin University-Erbil (2004-2006).<br>▪ PhD Cognitive Psychology, University of Leicester (2013-2017) |
| وشە سەرەكیەكان | سایكۆلۆژیا پەروەردەیی، فێربوون، پالنەر، زیرەكی، بەئاگایی، لەبیرچونەوە |

**ناوەرۆكی گشتی كۆرس**

لە ئێستادا، سایكۆلۆژیای پەروەردەیی ڕۆڵێكی هەستیاری دەگێرێت لەئاڕاستەكردنی فێركار (مامۆستا) بۆگەیشتن بەخاڵی سەركەوتن، بۆیە ئاشنابوون بەم لقەی سایكۆلۆژیا خاڵی دەستپێكە بۆهەنگاونانی دروست بەرەو ئامانجی باڵا وسەركەوتنی قوتابی (فێرخواز).

ئاشنابوون بەبنەما وبابەتە بنچینەییەكانی سایكۆلۆژیای پەروەردەیی بەدەستپێكی گرنگ هەژماردەكرێت بۆ بەرجەستەبوونی تێگەیشتنێكی دروست سەبارەت بەناوەڕۆكی ڕاستەقینەی ئەركی فێركار وگەیاندنی پەیامی پەروەردەیی بەفێرخواز. چونكە هاوكاریدەكات لەڕووی ڕاهێنان وئامادەكردن بۆپرۆسەی وانەوەتنەوە بەئاشناكردنی لەگەڵ بنەما دەروونیە دروست وپێویستەكانی پرۆسەی فێركردن لەفێرگە(قوتابخانە)دا.

چوارچێوەی توێژینەوەكانی سایكۆلۆژیای پەروەردەیی جەختكردنەوەیە لەدارشتن ودۆزینەوەی بنەمای تیوری بەئامانجی تێگەیشتن لەبابەتە بنچینەییەكانی وەك فێربوون، گواستنەوەی فێربوون، پالنەر و...تاد. بۆیە ئاشنابوون بەم بابەتانە دەبێتە دەستپێكی دروست بۆزیاتر ئاشنابوون بەبارە دەروونیەكانی فێرخواز پیدا تێپەردەبێت وهاوكاریاندەكات بۆئەوەی بتوانن بیخەنە خزمەتی باشتركردنی پرۆسەی فیربوون وفێركردن.

ئاشنابوون وتێگەیشتن لەبنەماکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی زامنی فەراهەمکردنی چانسی زیاترە بۆخێرادەستکەوتنی کار، چونکە لەئێستادا سایکۆلۆژیای پەروەردەیی بوتەبنەما وداواکارییەکی بنچینەیی بۆدامەزراندن وەك وانەبێژ وفێرکار لەزۆرێك لەبوارەکانی کار.

**ئامانجەکانی کۆرس**

لەدیارترین ئامانجەکانی ئەم وانەیە کارکردنە بۆئاشناکردنی فێرخوازان بەبنەماکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، بنەماکانی فێربوون وتیورەکانی، بزواندنی پالنەری فێرخواز، خستنەگەڕی زیرەکی فێرخواز لەپرۆسەی فێرکردن، ساناکردنی بەبیرهێنانەوە لای فێرخواز، یارمەتیدانی فێرخواز بۆفێربوونی گواستنەوەی کاریگەرییەکانی فێربوون.

**ئەرکەکانی قوتابی**

بەهۆی چوارچێوە وسروشتی وانەی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی جەختدەکرێتەوە لەئامادەبوونی فێرخواز بەشێوەیەکی فیزیکی، هزری و دەروونی تابتوانێت زیاترین کارلێکی هەبێت لەپرۆسەی فێرکردن لەناوپۆل. هاندان وبوار ڕەخساندن بۆفێرخواز بۆبەشداریکردنی کارا لەگفتوگۆ وپێشکەشکردنی ڕاپۆرت وسمینار لەچوارچێوەی ناوەڕۆکی وانە. جیا لەوەی پێویستە فێرخواز پابەندبێت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان لەکاتی پێویست ودیاریکراو لەلایەن لیژنەی تاقیکردنەوەی بەش وکۆلێژ.

**ڕێگەی وانەووتنەوە**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاستی تەمەن وخویندنی فێرخوازان، کاردەکەین بۆڕەچاوکردنی ویست وحەزەکانی فێرخوازان بۆشێوازێکی گونجاوی وانەوتنەوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەشێوازی پرسیار ووەلأم، پالپشت بەکارهێنانی نموونەی وێنەیی وڤیدیوی پێویست لەگەل پشتبەستن بەئامرازە تەکنەلۆژیە بەردەستەکان بۆگەیاندن وڕوونکردنەوەی بابەتەکان بۆفێرخوازان. پێدانی ڕێنمایی بەگروپ وبەتەنها سەبارەت بەچۆنیەتی خۆیندنی سەرکەوتوانە.

**سیستەمی هەڵسەنگاندن**

| تاقیکردنەوەی مید تێرم | چالاکی | | | | نمرەی کۆشش | تاقیکردنەوەی کۆتایی | نمرەی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕاپۆرت (هەلبژاردە) | سمینار (هەلبژاردە) | کویز | بەشداری ڕۆژانە | | | |
| %20 | تا 4 | تا 4 | 20 | تا 5 | %40 | %60 | %100 |

**دەرئەنجامەکانی فێربوون**

- گەشەپیدانی توانست لەئاشنابوون وتێگەیشتنی چەمکە بنچینەییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی.

- گەشەپیدانی توانست لەخستنەڕووی وەڵامی زانستی وشیکاری دروست بۆهۆکارەکان لەسایکۆلۆژیای پەروەردەیی.
- گەشەپیدانی توانستی بەبیرهاتنەوە وناسینەوەی بنەما وخاڵە بنچینەییەکان لەسایکۆلۆژیای پەروەردەیی.
- گەشەپیدانی توانستی ناسینەوە بابەتە دروست ونادروستەکان لەبارەی بابەتە جیاوازەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی وپێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی دروست بۆزانیاریە نادروستەکان.
- گەشەپیدانی توانستی پێشکەشکردنی سمینار لەسەربابەتی تایبەت لەبواری سایکۆلۆژیای پەروەردەیی.
- گەشەپیدانی توانستی نووسینی ڕاپۆرتی زانستی لەبارەی بابەتەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی.

**لیستی سەرچاوە**


- نشواتي، عبد المجيد (2003). *علم النفس التربوي (الطبعة الرابعة)*. عمان: دار الفرقان للنشر والتوزيع.
- الكناني، فراس علي حسن ( 2014). *قراءات في علم النفس التربوي*. بغداد: مطبعة زاكي.
- الأزيرجاوي، فاضل محسن (1991). *أسس علم النفس التربوي*. جامعة موصل: مطبعة وزارة التعليم العالي.

- Snowman, Jack (1997). Educational Psychology: What Do We Teach, What Should We Teach?. "*Educational Psychology", 9, 151-169.*
- Zimmerman, B.J. & Schunk, D.H. (Eds.) (2003). *Educational psychology: A century of contributions*. Mahwah, NJ, US: Erlbaum.
- Vives, J, & Watson, F. (1913). *On education : a translation of the de tradendis disciplinis of juan luis vives* . Cambridge : The University Press.


| | بابەتەکان | ناوی مامۆستا |
|---|---|---|
| هەفتەی 1 | خستنەڕوی ناوەڕۆکی وانەکە + پێشەکی | د. سعيد محمد نوری |
| هەفتەی 2 | دەروازەیەك بۆسایکۆلۆژیای پەروەردەیی | |
| هەفتەی 3 | پرۆسەی فێربوون | |
| هەفتەی 4 - 5 | دەروازەی تیورەکانی فێربوون | |
| هەفتەی 6 - 9 | فاکتەرە کارتێکەرەکانی فێربوون | |
| هەفتەی 10- 12 | پرۆسە ژیرییە هاوپەیوەندەکان بەپرۆسەی فێربوون | |
| هەفتەی 13 | دەروازەیەك بۆزیـــرەکی | |

| | بنەماکانی داهێنان | هەفتەی 14 |
|---|---|---|
| | بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | |

**تاقیکردنەوەکان**

**پ1/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:**

1) سایکۆلۆژیای پەروەردەیی 2) فێربوون 3) بەبیرهاتنەوە

**پ2/ هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوونبکەرەوە:**

1. سایکۆلۆژیای پەروەردەیی یەکێکە لەهەر بابەتە گرنگەکان بۆ مامۆستا؟
2. سایکۆلۆژیای پەروەردەیی پاڵپشتیکارێکی گرنگە بۆ مامۆستا؟
3. میتۆدی تاقیکاری بەباشترین میتۆدەکانی توێژینەوە هەژماردەکرێت ؟

**پ3/ ئەم بۆشاییانە بەزانیاری گونجاو پڕبکەرەوە:**

1- لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی کەپاڵدەنێت بەمامۆستاوە بۆ گرتنەبەری میتۆدی بەراوردکردنی هۆکارەکان ............................ و ............................

2- لە دیارترین پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی فێربوون کە پێویستە مامۆستا ڕەچاویبکات ................ و ....................... و ............................ و ............................

3- لەهۆکارە دینامیکیە یارمەتیدەرەکانی بەبیرهاتنەوە............. و ............... و ............

**پ4/ نیشانەی ( √ ) بەرانبەر دەستەواژەی ڕاست دابنێ و نیشانەی ( + ) بەرانبەر دەستەواژەی هەڵە دابنێ و هەڵەکانیش ڕاستبکەرەوە گەر هەبوو:**

1 ) سوراندێك گریمانەکانی تیوری توخمە هاوبەشەکانی ڕەتکردەوە، لەجیگای ئەو بانگەشەی بۆ تیوری فەکەلتیە عەقلییەکانکرد لەبابەتی گواستنەوەی کاریگەری ڕاهێنان.

2 ) ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکەیەتی هاوکاری فێرکاران و کارمەندانی بواری پەروەردەدەکات بۆگونجاندنی پرۆگرام و ڕێگا و ئامراز و ئامانجی وانەکان.

3) ئامانجە گشتیە درێژخایەنەکان جیادەکرێنەوە بەوەی کەمتر گشتگیر و ئالۆزن.

**پ5/ ئەمانە تەنها بژمێرە:**

1. خاڵە پۆزەتیڤەکانی میتۆدی کرۆس-سێکشناڵ لەتوێژینەوەی پەروەردەیدا.
2. سوودەکانی پاداشت و سزا.
3. خاسیەتەکانی فێرکاری سەرکەوتوو لەبەڕێوەبردنی پۆلدا.

| | **20. تێبینی تر** |
|---|---|
| | |

| |
|---|
| **بەپێ پێویستی و بەردەست بوونی سەرەنج و زانیاری زانستی پێشکەوتوو تر، ئەگەر گۆڕانکاری لە بابەتەکان دا بوونی هەیە.** |
| پێداچوونەوەی هاوەڵ<br>**د. فرمان علی محمود**<br>**بەشی پەروەردە ودەروونناسی**<br>**کۆلێژی پەروەردە**<br>**زانکۆی چەرمۆ** |